## هەژێن لەوەڵامی پرسیاری" دەنگەکان " دا

**دەنگەکان: پاش ئەم گۆڕانکارییە سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایەتییانەی لە ماوەی ئەم سەدەو نیوەدا بەسەر مرۆڤایەتی هاتووە ، ئاسۆیەکی تر ، گەڕانەوەیەکی تر، بۆ مارکسیزم چۆن دەبینیتەوە ؟؟**

هەژێن :

سەرەتا پێش ئەوەی بچینە سەر وەڵامدانەوەی خودی پرسیارەکە، پێویستە خودی مارکسیزم بناسین، ئایا مەبەستمان لە مارکسیزم کۆی بیر و بۆچوونەکانی مارکس و ئەو دەرەنجامانەیە، کە وی لە شیکردنەوەی پرسە ئابوری و سیاسی وکۆمەڵایەتییەکاندا پێیگەیشتووە، یا کۆی تێروانینی ئەو پەیرەوگەرانەیە کە لەپاش مارکس، تێروانینەکانی وییان کردۆتە ڕێرەو و خودی مارکسیشیان کردۆتە پێخەمبەر. بەبڕوای من، گەر مەبەستمان لە ناسینی مارکس کەسایەتیەکی دەرکەوتەی سەدەی نۆزدە بێت، ئەوا پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ سەردەمێک کە وی تێدا ژیاوە و سەردەمانێک کە وی دەیانداتە بەر ڕەخنە. بەڵام گەر مەبەستمان لە بیر و فەلسەفەی وی بێ، ئەوا پێویستە لە واقیعی ئەورۆکەدا بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە بیانخوێنینەوە و پێداچوونەوەیەکی سەراپای قوتبخانەی مارکسیستی بکەین و ڕوخساری مارکسی ماتریالیست لەناو ئەو خەرمانە ئایدیالیستیانە ڕزگار بکەین، کە پەیرەوانی لێیان ئاڵاندووە و لە ناوەڕۆکە دیالێکتیکی و ڕەخنەگرانەکەی بەتاڵیانکردووە، بەکورتی واتە خوێندنەوەی مارکسیزم لە واقیعی ئەورۆکەدا، نەک بە پێچەوانەوە وەک دەروێشەکانی مارکس پێیهەڵدەستن. بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێت، کە گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان، ڕیشەیی نەبوون و هیچیان لە واقیعیەتی نابەرابەری چینایەتی و سەروەری کەمایەتی مشخۆر بەسەر زۆرایەتی بەرهەمهێن و فەرمانبەردا نەگۆڕیوە، بەڵکو زیاتر و زیاتر ناوەندێتی و پاوانخوازیان پێبەخشیوە. بۆ ئەمەش پێویستمان بە گەڕانەوە بۆ سەر هیچ (یزم)ێک نییە، بەڵکو دەستبەرداربوونی سکتاریزم و ئایدیۆلۆژیگەری و گەڕانەوە بۆ سەر سروشتی خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا (وەک گشتێک لە چین و توێژە بەرهەمهێن و فەرمانبەرە چەوساوەکان) و گرێدانەوەی خەباتی ئەورۆمان بە دوێنێ و هەڵسەنگاندنەوەی ڕەخنەگرانەی ئەزموونەکانی خەبات، ئاسۆبەخشە.

**دەنگەکان : ئایا مارکسیزم ، بەهای تازەگەری خۆی لە دەست نەداوە ، ئەگەر لە دەستی نەداوە چۆن دەتوانێ حزووری خۆی ، گونجانی عەمەلی خۆی لە چەرخی بیست ویەکدا بسەلمێنێ ؟**

هەژێن :

مارکسیزمێک کە ئەورۆکە دەرێشەکانی مارکس لێوەی دەدوێن، نەک بەهای تازەگەری لەدەستداوە، بەڵکو بووەتە ڕێرەو(مەزهەب)ێکی ئایینی وشک هەڵهاتوو، کە بە واقیعی ئەورۆکە نامۆیە. ئەمە بەرهەمی دۆشداماانی هەڵگرانی مارکسیزمە وەک ڕێرەوێک لەبەردەم ڕوداوەکانی سەردەمدا، گیرۆدەییە لە پەرەستگەیەکدا کە پارتایەتی و مەلکەچی بۆ ئایدیۆلۆژیا، پابەندی کردوون. بۆ ئەوەی کە مارکسیزم، زانستێک بێت وەک ئەوەی ئەوانە پاگەندەی بێ ناوەڕۆکی بۆ دەکەن، پێویستە وەک هەر تێروانینێکیتر حوکمە هەڵەکانی وەلانرێن، وەک زانست لەگەڵ ڕەوتی ڕوداوەکان و ئەزمونکردنی لە بۆتەی خەباتدا، گەشەی پێبدرێ، نەک وەک قورئانەکەی موسولمانان لەبەر بکرێ و ئەوەی ڕەخنە لە ڕستەیەکی بگرێ، بە لادەر و دژ تۆمەتباران بکرێ. بۆ ئەوەی مارکسیزم وەک فەلسەفە وەک بیر، وەک تێروانینێک لەمەڕ خەباتی چینایەتی و داهاتووی مرۆڤ و چۆنیەتی هاتنەدی خەونە دێرینەکان، لە بێژنگی ڕەخنە بدرێ، پێویستە دەست بۆ ڕەخنەیەک بەرین، کە کەلاوەکانی ئایدیالیزم لە مارکسیزمی باودا، بەسەر پەیرەوانیدا ڕوخێنێ و لە خەوی خەفلەت ڕایانچڵەکێنێ.

**دەنگەکان : ئەوەی لە سۆڤییەت و وولآتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات ڕوی دا ، هەرەسی ڕژێمە عەسکەرتاریەکان بوو ، بەڵام لە بەر هەر هۆیەك بووبێ لە باری مێژوویەوە تا ئەمڕۆش ، ئەم هەرەسە کراوەتە ئۆباڵێکی گەورە ، بە سەرمارکس و مارکسیزمدا ، بەڕای ئێوە ئەمەی ڕووی دا ، هەرەسی چی بوو ؟**

هـەژێن :

ئەم پرسیارە هەم لەوە زیاتر وەردەگرێ کە ورد بکرێتەوە و هەم دەکرێ پرسیاری ئاراستەکەینەوە، چونکە ڕوداوێکی لەو جۆرە سەختە لەوەڵامێکی سەرپێی وادا شیکرێتەوە، بەپڕوای من دەکرێ لەدەرفەتیتردا وردتر لەو ڕوداوە ڕابمێنین.

بەڵام ئەوەی کە تەنیا هەرەسی ڕژێمە عەسکەرتاریەکان بووبێ ؟ هەڵەیەکی گەورەیە، بازدانیکی زیانبەخشە. چونکە بەمشێوە ڕوانینە نەک ئەزمونێک بەدەست ناهێنین، بەڵکو درێژە بەو جۆرە بیرکردنەوە دەدەین، کە ئەو جۆرە دەسەڵاتە و ئەو ئیمپراتۆیەتەی لێکەوەتەوە. ئێمە خوێنەرانی کوردزمان، نەک تەنیا بەو قوتابخانە بیریانە کە ڕەوتی خەباتی چینایەتیدا سەریانهەڵداوە، ئاشنا نین، نەک ئاراستە و بۆچونە جیاوازەکانی ناو بزوتنەوەکە ناناسین ، بەڵکو خودی ڕوداوەکانمان بە هەڵە و ئاوەژوو، پێگەیشتووە، هۆشمان بە ژاراوی پارتایەتی شێوێندراوە. لەسەر ئەو بنەمایەی لە ئێمەیان وا گەیاندووە، کە بۆلشەڤیکەکان، شوراکانیان پێکهێنا و بۆلشەڤیکان زۆرینە بوون و بۆلشەڤیکەکان بۆ مانەوە و پاراستنی تاقانە ئەزموونی سۆشیالیستی، ناچاربوون، لەگەڵ دوژمنان ڕێکەوتننامە مۆرکەن. دواتر ستالین وەک بەڵایەک قوتدەکەنە و شانی هۆکارانی سەرەکی تاوان و شکستیەکانی پێ خاڵی دەکەن و تەواوی هەڵە و سەرکوتکاریەکان بەسەردا ویدا دەدەن. ئەمە بەشێک لەو ژاراوکردنەیە، کە نەک ئێمە تەنانەت دانیشتوانی ئەو وڵاتانەشیان پێ فریو داوە. ئەودیوی ئەم پاگاندانە، پێکهاتنی سۆڤیەتەکان و دەستبەکاربونیانە بۆ ڕوخانی دەسەڵاتی چەوسینەران، لەکاتێکدا بۆلشەڤیکەکان خەریکی بەشداری لە دۆما و سەوداو مامەڵەن لەگەڵ بۆرژوازی. کۆمیتەی کارخانەکان خوازیاری دەستبەسەرداگرتنی کارخانەکان و کۆنترۆڵی بەرهەمهێنانن، لەکاتێکدا کە بۆلشەڤیکەکان بەهەموو شێوازیک دژایەتیان دەکەن، وەرزێرە ئۆکرانیە ڕاپەڕیوەکان خەریکی بەرپاکردنی کۆمۆنە کشتوکاڵیەکان و دەرپەڕانی لەشکری ئاڵمانی و نەمساوین، کاتێک کە بۆلشەڤیکەکان، خەریکی هودنە و دەست ئاوەڵاکردنی بۆرژوازی ئاڵمانین لە سەرکوتی شوراکانی بەرلین و میونیخ، هەر پاش ئەم هودنەیەش، خودی بۆلشەڤیکەکان دەکەونە کوشتوپڕی وەرزێرە پارتیزانانەکانی ئۆکرانیا. لە کاتێکدا کە کارگەران و مەلەوانانی کرۆنشتات خوازیاری بەڕێوەبردنی سۆڤیەتیانەی خۆیین، بۆڵشەڤیکەکان، ئامادەی هیچ گفتوگۆیەک نین و کوشتوپڕی ئەو شارە دەکەن. ئایا دەکرێ لاقی پارتایەتی لەم لیتەدا دەرکەین، ئایا دەکرێ دەستی خوێناوی بۆلشەڤیکەکان لەم کوشتارگە هەفتا ساڵەییەدا بشارینەوە ؟ ئایا بژارکردنی ریزەکانی پارت لە 1918 نەبوو، کە ستالین لە 1936 دوبارەی دەکاتەوە و لە 1956دا داخراوترین سزاگەی بۆ زیاد دەکات، ئایا کوشتوپڕی شۆڕشگێڕەکانی ئۆکرانیا و کرۆنشتات و سەرکوتی مانگرتنی گشتی پترۆگراد لەسەر دەستی لەشکرە ڕەشەکەی ترۆتسکی نەبوو، کە دواتر زەمینە بۆ دورخرانەوە و کوشتوپڕی سۆشیالیستەکان لەسەر دەستی ستالین خۆشدەکات، ئایا یاساخکردنی ئازادی بیروڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری لەلایەن خودی لینینەوە نەبوو ، نای دایەدەست ستالین تاکو پاشڕەوانی خودی لینینیش سەرکوتکات، ئایا پەراوێزکردنی سۆڤیەتەکان و سپاردنی گشت کاروبارەکان بە پارت لەسەر دەستی خودی لینین نەبوو ، کە دواتر زەمینە بۆ پەلاماری وڵاتانێک خۆشدەکات، کە لە فەرمانەکانی پارت و ستالین سەر بادەدەن، ئایا دەکرێ ئەم هەمووە بە دەستەواژەیەکی بێمانای وەک ڕژێمە عەسکەرتاییەکان، بازی بەسەردا بدرێ و ئاوڕی لێنەدەینەوە ؟ ئایا هەر وا و هەرەمەکی کراوەتە ملی مارکسیزم، ئایا تا ئێستاش ئەوانە بە مارکسیست ناو نابرێن؟ ئەگەر خەوشوخاڵەکانی مارکسیزم وەلا نەنرێن، بێگومان، دەبێ خۆ بە مارکسیستزانەکان ئامادەیی ئەوەشیان تێدابێ، کە پیچەوانەی ئەو وەپاڵدانانە بسەلمێنن. بۆ ئەوەی لەم دوو ڕیانەدا خۆمان یەکلا بکەینەوە، پێویستە لەوە بگەین، یا ئەوەتا

بۆلشەڤیکەکان ئەوی پراکتیکیان کردووە بەدەر بووە لە مارکسیزم یا ئەوەتا ئەوە شکستی مارکسیزمە وەک ئایدیۆلۆژیایەک. لە هەر دوو باردا دەبێ ئامادەیی سەلماندنی پاگاندەکانی خۆمان تێدابێ !

بەڕای من، ئەوەی کە ڕویدا هەرەسی بۆلشەڤیزمە، شکستی پارتایەتیە، شکستی هەر چوارچێوەیەکی ئامادەکراوە بۆ کۆمەڵگە. ئەوەی کە ڕویدا پەیامێکی مێژوویی بوو بۆ سۆشیالیستەکان، کە بگەڕێنەوە سەر شروشتی خەباتی چینایەتی و خۆرێکخستن لەناو بزوتنەوە جەماوەریەکان، بەدەستبەرداربوونی سکتاریزمی مارکسیستانە و دەسەڵاتخوازی پارتایەتی، نیشاندەری ئەوەبوو، کە سۆشیالیزم لە سایەی سەروەریدا بوونی نییە، سۆشیالیزم بە زۆرەملێ و ناوەندێتی دەسەڵات جیگیر نابێت، بەڵکو بە یەکگرتن و پەیوەندییەکی ئازادیخوازانەی گوند، شار، وڵات، کیشوەر، لەسەر بنەمای فیدراڵی بەڕێوەبردنی سۆڤیەتیانە. دەرخەری ئەو ڕاستیەبوو، کە ئابوری سۆشیالیستی، بەرنامەڕێژی ئابوری و ناوەندێتی ڕێکخستن بەخۆوە ناگرێ. ئەڵتەرناتیڤی سۆشیالیستەکان بەرامبەر پارلەمانی بۆرژوازی، فیدراڵیبونی ئازادانەی سۆڤیەتەکانە، لەبەرامبەر فرەپارتایەتیدا، تاکپارتایەتی نییە، بەڵکو نوێنەرایەتی گەلە لە ڕێگەی سۆڤیەتەکانەوە، خۆبەڕێوەبردنی( Self-administration - Selbstverwaltung) جەماوەرییە.

هەڵبەتە لە کاتی ئەو ڕوداوانەدا و دواتریش لەدەرەوەی ئاراستەی بۆلشەڤیکی ناو مارکسیستەکان و دەرەوەی ئاراستەی مارکسیستی، کەسان و گروپ و ئاراستەی دژ و ڕەخنەگر هەبوون و سەرەنجامێک کە پاش 70 ساڵ مارکسیستەکانی لای مە هێشتا نایانەوێ، دانیپێدا بنێن، ئەوان پێشتر پێشبینیان کردووە و هاوکاتی ڕوداوەکانیش بە سەختی دژایەتیان کردووە. دەکرێ لێرەدا بۆ ئاشناکردنی نەوەی نوێ لە سۆشیالیستەکان ، پەنجە بۆ چەندێکیان راکێشین: کۆمۆنیستە شوراییەکان؛ ئانۆن پانەکۆک ، پاول ماتیک، کایو برێندل (کۆمۆنیزمی شورایی و ڕەخنە لە بۆلشەڤیزم، کایۆ برێندل 1999. کرۆنشتات بەسەرهاتی پرۆلیتێریانەی شۆرشی ڕوسیە، کایۆ برێندل 1971. پارت و چینی کارگەر، ئانتۆن پانەکۆک. پارت و چینی کارگەر، نوسینی: پاول ماتیک. ڕێکخستنی سۆڤیەتی، ئانتۆن پانە کۆک/ ماڵپەڕی دەنگەکان)، لە کۆمونیستە ئازادیخوازەکان و ئەنارشیستەکان؛ باکۆنین و هاوڕێکانی لەناو ئەنتەرناسیوناڵی یەکەمدا، ڤۆلین، یەکێک لە هەڵسوراوانی سۆڤیەتەکان پێش شۆڕسی 1917 و نوێنەری ڕاپەڕیوانی کرۆنشتات کە بۆلشەڤیکەکان لەهەمان دانێشتندا، دەستبەسەریان کرد و تا پاش کوشتارەکەش هەر لەزینداندا مایەوە، نوسەری پەرتوکی (ڕاپەڕینەوەی کرۆنشتات). ماخنۆ رابەری (بزوتنەوەی وەرزێرانی ماخنۆڤیستی ئۆکرانیا) و نوسەری پەرتوکی (شۆڕشی ئەنارشیستی، خەبات دژی دەوڵەتان و دانراوەکانی‌تر، سەردانیەکەم بۆ کرێملین). ئێما گۆلدمان، ساڵی 1919 لەبەر هەڵسورانی سیاسی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا وەدەر دەنرێت و دەگەڕێتەوە مۆسکۆ و لەوێش بەهەمانشێوە لە ساڵی 1923دا وەدەر دەنرێت، نوسەری پەرتوکی ( شکستی شۆڕشی ڕوسی). پیتەر ئارشینۆڤ، نوسەری پەرتوکی (بەسەرهاتی بزوتنەوەی ماخنۆڤیستی).

ئەورۆکە پاش هەرەسی ئیمپراتۆریەتی بۆلشەڤیکی، بە ئاسانی دەتوانین دەستمان بە کۆمەڵێک سەرچاوە بگات چ ئەوانەی ناو ئیمپراتۆریەتەکە و چ دەرەوەی، ئەمەش خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی سەرلەنوێی مێژووی خەباتی چینایەتی پێویستە، بۆ کەسانێکیش کە تا هەنوکە پێیانوایە سۆشیالیزم داهێنراوی بیری فلان فەیلەسوف وفیسارە بیریارە، تەنیا چاوخشاندنێک بە پەرتوکی (الاشتراکیە والشیوعیە 500 سنە قبل المیلاد..) نوسەرێکی سوری نوسییەتی و بەداخەوە هەنوکە ناوی لەبیر نەماوە، بەسە بۆ تێگەیشتن لە پێچەوانەی ئەو تێگەیشتنە پارتییە گەوجەی مارکسی کردۆتە پێخەمبەر.

**دەنگەکان : لەڕۆژگاری ئەمڕۆ دا ، ئێوە چۆن دەڕواننەچەمکەکانی : – دیکتاتۆری پرۆلیتارییا، کۆمۆنیزم ؟**

هەژێن :

دەکرێ لە خۆمان بپرسین، دەبێ پرۆلیتاریا چی دیکتات بکات و بۆ کێی بکات، لە کاتێکدا کە بەخۆی دژ بە دیکتەکردنی سەروەران ڕادەپەڕێ. ئەگەر شۆڕشی پرۆلیتێری شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیە و سەرکەوتنی بە لەناوبردنی خۆی وەک چینێکی بندەست دەستەبەر دەبێ، ئیدی دیکتاتۆریەت بەسەر کێدا. من

پێمواپە ئەم دەستەواژەیە، تەنیا لە فەرهەنگی پارتی پیشڕەودا جێگەی دەبێتەوە، لەوێدا کە پارت خۆی دەکاتە نوێنەری پرۆلیتاریا و دەسەڵات بە دەستەوە دەگرێ و شوێنی چینی سەروەر دەگرێتەوە، دانیشتوانی چین و توێژەکانی‌تریش بە ڕێوشوێنی کۆیلانەی پرۆلیتاریاوە پەیوەست دەبن. ئەمە ئەو سەرەنجامە بوو، کە مەلەوانانی کرۆنشتات، ساڵێک پاش شۆڕش پێیگەیشتن و ڕاپەڕینەوە بۆ ئەوەی درێژە بە شۆڕش بدەن، تاوەکو سەروەرانی تازەش بە گۆڕبسپێرن و خۆبەڕێوەبردنی خۆیان (-Self administration) ]پێکبهێنن.

پرۆلیتاریا، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی چینایەتی لەنێوبەرێ، دەبێتە لەنێوبەری خۆی وەک کۆیلەیەک تا لەم ڕێگەوە دژەکەی لەناو بەرێ، واتە لەناوبردنی سەروەری چینایەتی. پاش ئەمە دەکرێ لە خۆمان بپرسین، گەر ئەرکی پرۆلیتاریا لەناوبردنی خۆی بێ وەک چینێک، ئیدی دیکتاتۆریەتی لە کێ بوو. دیکتاتۆریەت، شێوازیکی دیاریکراوە لە کات و سەردەمێکی دیاریکراودا بۆ ڕاگرتنی کۆمەڵگە و چینە چەوساوەکانی، کاتێک کە ئێمە شۆڕش بۆ لەناوبردنی کۆمەڵگەی چینایەتی دەکەین، ئیدی ئەو چینە کۆمەڵایەتیانە کامانەن، کە پیویستە بە دیکتاتۆریەت ڕایانگرین. ئەمە ئاشکرایە، تەنیا لە ڕوانگەی ئەوانەوە، کە هەڵپەی دەسەڵاتیانە و خوازیاری ڕێکخستنی کۆمەڵگە و لکاندنی کۆمەڵگەکانن لەسەرەوە بۆ خوارەوە، دیکتاتۆیەت پیویستە. پەیوەندی دیکتاتۆریەت و پرۆلیتاریا تەنیا پەیوەندیەکە، کە لە نێوان زیندانی و زیندانەواندا هەیە، ئایا دەکرێ باس لە سەروەری زیندانییەکان بکەین؟ هەروەک چۆن زیندانییەک سەروەری نییە، ئاواش پرۆلیتاریا دیکتاتۆریەتی نییە. بۆ ڕونکردنەوەی ئەمە، دەکرێ سەرنجی پاشەکشێ پێکردنی سۆڤیەتەکان لەسەرەتای 1918دا و سپاردنی گشت کاروبارەکان بە پارت و پێداویستی دیکتاتۆریەت بدەین. ئا لەو ساتەدا کە پرۆلیتاریا دەسەڵاتی پێشووی لەناوبردووە و پارت چ پێویستیەکی پێ نەماوە، پێداویستی دیکتاتۆریەت سەرهەڵدەدا، بۆ پاشەکشێکردن بەوانەی کە نیازی بەردەوامی دانیانە بە شۆڕش و خۆڕێکخستن لەدەرەوەی سنورەکانی خواست و بیرکردنەوەی پارتی پیشڕەو.

کۆمونیزمێک،کە سەرەتاکەی بە دیکتاتۆریەت دەست پێبکات، بێگومان کۆتایەکەی هەر بە دەسەڵاتی ڕەشی بۆلشەڤیکیانە دێ. ئەگەر لە سەردەمێکدا و لە بێ ئەزمونیدا مارکس کەوتبێتە هەڵەیەکی واوە، ئەوا بۆ ئێمە ئاشکراو ڕونە، کە پرۆلیتاریا نەک دیکتاتۆریەتی نییە و پێویستی نییە، بەڵکو هەمیشە خەباتی پرۆلیتاریا دژی دیکتاتۆریەتی بێپەردە بووە لە ڕابوردوودا و دیکتاتۆریەتی پشتپەردەیە لە ئێستاشدا، دیکتاتۆری دیکتاتۆریە، لە ژێر هەر ناو هەر بیانوویەکدا بێت، سەرکوتی چین و توێژەکانی کۆمەڵە و ئامرازێکە بۆ ڕاگرتنی نابەرابەری کۆمەڵایەتی و درێژەدان بە سەروەری چینایەتی و گونجاوترین چەکی دەستی سەروەرانە بۆ دامرکاندنەوەی یاخیبونەکان، پراونە سەرکوتی کرۆنشتات، ماخنۆ، سۆلیدارنۆ وەک دیکتاتۆری بێپەردەی بۆلەشەڤیکەکان و سەرکوتی یاخیبوونەکانی شیکاگۆ لە کۆتایی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابووردوودا وەک دیکتاتۆری پشتپەردەی دیموکراتەکان. سەرچاوەی ئەم تێروانینە لێڵەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، بە دەوڵەتیکردنی سۆشیالیزم و حکومەتی کارگەرییە.

**دەنگەکان : دەوری مارکسیزم لەسەر چەپی کورد لە رابردوو ئێستادا چۆن دەبینن ؟**

هـەژێن :

دەوێرم بڵێم، چەپێتی بۆ خۆی نامۆییبوونە بە سۆشیالیزم و گەر مەبەستیشمان لەوانەیە، کە خۆیان بە سۆشیالیست و کۆمونیست دەناسێنن، دەبێ بڵێم، کە بەداخەوە ئەمانە تێڕوانینێکی دەستی چەندومیان لەسەر تێراونین و بیرکردنەوەی مارکس پێگەیشتووە. بۆ نمونە ئەوانەی کە لەناو حشعدا پەروەردە بوون، لەڕوانگەی ستالین‌ەوە مارکسیان ناسیوە، کۆڕەکیەکان لە ڕوانگەی نەوشیروان موستەفاوە، ئاڵای شۆڕشیەکان لە ڕوانگەی مەلابەختیارەوە، حککعیەکان لە ڕوانگەی مەنسوری حیکمەتەوە. بە پروای من پێویستە سۆشیالیست و چەپ لەیەک جیابکەینەوە، ئاخر ناکرێ خەونی کارگەرێکی سۆشیالیست لەگەڵ (ئاشتی و پێکەوەژیانی) حشع، (ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەی) کۆڕەک،

(سۆشیال-دیموکراسی) ئاڵای شۆڕش، (حکومەتی کارگەری و پارتی) حککع بکرێتە یەک، سۆشیالیستێک کە کەمتر لە کۆمەڵگەی بێ چین و چەوسانەوە خوازیار نییە، قەد چەپ نەبووە!

بەدبەختی لەوەدایە، کە هەرچی خڵتەی هەفتاساڵەی ئیمپراتۆری بۆلشەڤیکییە، وەک مارکسیزم بە ئێمە دەناسرێت و بەمجۆرە ڤرولیتەکە بۆ نەوەیەکی نوێ خەست دەکرێتەوە. ئەمە لە ڕابوردودا و ئێستاش لەوە خراپتر، لە بری گێڕانەوەی مارکس بۆ شۆڕشگێڕێکی ئاسایی، خۆ بە مارکسیزانەکان وەک کریستەکان باس لەگەڕانەوە بۆ سەر ئۆتۆدۆکسیەتی مارکسیزم دەکەن. ئەمە ئەو نەهامەتیەیە کە سبەی یەخەی نەوەیەک لە ئازایدخوازەکان دەگرێت. بەمشێوە دەبینین، ئەو مارکسیزمە ڕۆڵێکی نیگەتیڤی بینیوە، بۆیە بەئاسانی خۆ بە مارکسیستزانەکان دەتوانن لەپیناو بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا، سەودا و بازبازێنی ئەمسەو ئەوسەری دونیا دەکەن و پرسیارێکیش نە لای ئەندامانیان دروست دەبێ و نە لەدەوەی دەبێتە مەشخەڵەی کەسانیتر.

ئەمە بارێکی نیگەتیڤی بە بزوتنەوەی سۆشیالیستی لەژێر سێبەری ئەمانەدا بەخشیوە و ئەرکی هەر تاکێکی سۆشیالیستە بە هەر شێوەیەک بۆی دەکرێت، بەهەر ڕادەیەک بۆی دەلوێت، ئەو پرسیارانە زیندووکاتەوە، کە پارتەکان و دەروێشە مارکسیە خۆ بە سۆشیالیستزانەکان ڕۆژانە لەهەوڵی کوشتن و لەبیربردنەوەیانن. پێویستە دەرگە بۆ ڕەخنە بکەینەوە، ڕەخنەیەک کە ڕاماندەچڵەکێنێ و لەوە بە ئاگامان دێنێتەوە کە سۆشیالیزم لە دەسەڵاتخوازی پارتەکان جیایە و دەکرێ سود لە گشت ئاراستە و تێڕوانینە جیاوازەکانی ناو بزوتنەوەکە وەرگرین، بۆ یەکگرتووکردنی ڕیزی چینایەتیمان و بەرەوپێشبردنی خەباتی جینایەتی بەرەو کۆمەڵگەی بێ چین و چەوسانەوە بەلەرجاوگرتنی ئەو راستیەی کە ئەزمونەکان بۆیان خستوینەتەڕوو: ئازادی بەبێ یەکسانی بەهرەکێشییە و یەکسانیش بەبێ ئازادی کۆیلەتی !